# دور المنظمات في تعزيز عمل وقدرات المرأة في جنوب كردستان (٢٠٠٣-٢٠١٤)
# (اتحاد نساء كردستان واتحاد المرأة الكردستانية كنموذج)

رزگار عبدالكريم أحمد
قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، العراق
rzgarabdulkareem22@gmail.com

پ.د پشكۆ حمه طاهر عبدالرحمن ئاغجەلەری
قسم التاريخ، كلية التربية الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، العراق
pishko tahir. Pishko.tahir@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** المرأة، الدور ، المنظمات، الأحزاب السياسية، جنوب كردستان.

**كيفية اقتباس البحث**
أحمد , رزگار عبدالكريم , پشكۆ حمه طاهر عبدالرحمن ئاغجەلەری , دور المنظمات في تعزيز عمل وقدرات المرأة في جنوب كردستان (٢٠٠٣-٢٠١٤) (اتحاد نساء كردستان واتحاد المرأة الكردستانية كنموذج) ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Role of Organizations in Promoting Women's Employment and Capabilities in Southern Kurdistan (2003-2014)(The Kurdistan Women's Union and the Kurdistan Women's Association as Case Studies)

**First author Rizgar Abdulkareem Ahmed**
Department of History, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Iraq
Email rzgarabdulkareem22@gmail.com

**Co-Author(s) Prof. Dr Pishko Tahir Abdurahman.**
Department of History, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Iraq
Email pishko tahir. Pishko.tahir@univsul.edu.iq

**Keywords** : Women, Role, Organizations, Political Parties, South Kurdistan.

**How To Cite This Article**
Ahmed , Rizgar Abdulkareem , Pishko Tahir Abdurahman , .The Role of Organizations in Promoting Women's Employment and Capabilities in Southern Kurdistan (2003-2014)(The Kurdistan Women's Union and the Kurdistan Women's Association as Case Studies) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract :
The role of organizations in promoting women's work and capabilities in Southern Kurdistan (٢٠١٤-٢٠٠٣) is considered an important historical period in the history of women's organization in Southern Kurdistan.

The research stated that the role of women and their participation in the political matters in different fields has opened up and entered a new stage. Specifically after the fall of the Ba'ath regime in Iraq (٢٠٠٣), which is considered a new era in the framework of political and organizational

effort after the so-called liberation of Iraq, the organizations have played an active and influential role in the political vision .

Taking the choice of this period in this historical period is to uncover the hidden and unknown aspects of the position, role and influence of both organizations (Women's Union and Women's Union) in Southern Kurdistan.

In this research the descriptive and analytical methods were used. Generally, the research consists of an introduction and two topics. The introduction is about the women's role in organizations and the first topic will discuss the Kurdistan Women's Union (KWU) shed lightning the history in terms of its activities. The second topic will discuss the KWU shed lightning the same history in terms of its activities and activities.

The structure of this research is divided into an introduction, an introduction and two main topics with conclusions and a list of sources. In the first topic we discussed the Kurdistan Women's Union, which focused on the duration of the study. In the second topic, we discussed the Kurdistan Women's Union, which focused on the same period of the study .

In this research we have relied on several important Kurdish sources, some of which can be mentioned here such as: Vian Sulaiman, Meet the Kurdistan Women's Union; Kaner Abdullah, Women's Political Participation in South Kurdistan; Shawnam Yahya, women, a common issue, different perspectives and many other sources of interviews with characters and contemporaries of the period, such as (Naska Saeed Khadr, Kuestan Latif Wali, Nazakat Hussein Hama Saeed, Kuner Abdullah, Munir Abubakr and Sazian Taleb Saleh) and these sightings have been used in a recorded manner.

الملخص

يعتبر دور المنظمات في تعزيز عمل المرأة و قدراتها في جنوب كردستان(٢٠٠٣-٢٠١٤) مرحلة تاريخية مهمة من مراحل تاريخ النضال التنظيمي للمرأة في جنوب كردستان.

أظهر البحث أن دور النساء ومشاركتهن في الحياة السياسية في مختلف المجالات قد شهد انفتاحاً ذاتياً ودخل مرحلة جديدة، وخاصة بعد سقوط نظام البعث في العراق عام ٢٠٠٣، حيث تُعتبر تلك الفترة مرحلة جديدة في إطار النضال السياسي والتنظيمي. وقد تجلى ذلك في تعزيز فكر وقدرات المرأة للدفاع عن حقوقها ومشاركتها في القضايا القومية والاجتماعية، بما يوازي الجنس الآخر، حيث لعبت منظمات النساء دوراً فعالاً ومؤثراً في الأحداث ومارست نشاطاً ملحوظاً، وكانت لها مشاركة مؤثرة من الناحيتين الكمية والنوعية. فبعد عملية ما يُسمى بتحرير العراق، أظهرت المنظمات دوراً نشطاً وتأثيراً أكبر في الساحة السياسية.

جاء اختيار هذه المرحلة من تلك الفترة التاريخية لإبراز الجوانب الخفية وغير الظاهرة لمكانة ودور وتأثير كلتا منظمتي (اتحاد النساء واتحاد المرأة) في جنوب كردستان، وهو مسعى لتعريف المجتمع الكردي بنضال منظمات النساء الكرديات في تلك الفترة التاريخية.
في هذا البحث، تم استخدام المنهج الوصفي والتحليلي. بشكل عام، يتكون البحث من مدخل وفصلين. يتناول المدخل قضية المرأة في الإطار التنظيمي، ويتحدث الفصل الأول عن منظمة اتحاد نساء كردستان مع تسليط الضوء على تلك الفترة التاريخية من حيث الأعمال والأنشطة، أما الفصل الثاني فيتناول منظمة اتحاد نساء كردستان مع تسليط الضوء على نفس الفترة التاريخية من حيث الأعمال والأنشطة. ينقسم هيكل هذا البحث إلى مقدمة، وموضوعين رئيسيين، بالإضافة إلى خاتمة وقائمة بالمصادر. تناول الموضوع الأول اتحاد نساء كردستان، مع التركيز على الفترة الزمنية للدراسة. أما الموضوع الثاني، فقد تناول اتحاد نساء كردستان، مع التركيز على الفترة الزمنية نفسها للدراسة.
اعتمد هذا البحث على العديد من المصادر الكردية الهامة، ومنها: كتاب "لقاء مع اتحاد نساء كردستان" لفيان سليمان، وكتاب "المشاركة السياسية للمرأة في جنوب كردستان" لكانر عبد الله، وكتاب "النساء: قضية مشتركة، وجهات نظر مختلفة" لشونام يحيى، بالإضافة إلى العديد من المقابلات مع شخصيات ومعاصرين لتلك الفترة، مثل (ناسكا سعيد خضر، وكويستان لطيف والي، ونازكات حسين حما سعيد، وكونر عبد الله، ومنير أبو بكر، وسازيان طالب صالح)، وقد تم توثيق هذه المقابلات بشكل دقيق.

## ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە برەودان بەکار و تواناکانی ژنان لە باشووری کوردستاندا (٢٠٠٣-٢٠١٤) (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی ژنانی کوردستان، بەنمونە)

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە ماستەرنامە

**ناوی توێژەری یەکەم ڕزگار عبدالکریم أحمد**
بەشی مێژوو, کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان , زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
rzgarabdulkareem22@gmail.com

**ناوی توێژەرکانی تر   پ.د پشکۆ حمه طاهر عبدالرحمن ئاغجەلەری**
بەشی مێژوو, کۆلێجی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکان , زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
pishko tahir. Pishko.tahir@univsul.edu.iq

## پوختە

ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە برەودان بەکار و تواناکانی ژنان لە(٢٠٠٣-٢٠١٤) لە باشووری کوردستاندا بەسەردەمێکی مێژوویی گرنگ دادەنرێت لە قۆناغەکانی مێژووی خەباتی ڕێکخراوەیی ژنان لە باشووری کوردستان.

توێژینەوەکە دەریخستووە کەڕۆڵی ژنان و بەشداریکردنیان لە کایەی سیاسی لە بوارە جیاوازەکاندا کرانەوەی بە خۆیەوە بینیوە و چووەتە قۆناغێکی نوێوە. بە تایبەت دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا(٢٠٠٣)، کە ئەو ماوەیە بە قۆناغێکی نوێ لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی دادەنرێت.کە خۆی لە برەودان بە هزروتوانای ژن بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی و بەشداریکردنی لە پرسە نەتەوەیی و جڤاکی، هاوتای ڕەگەزی بەرامبەر دەبینێتەوە کە بەشێوەیەکی کاریگەر ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان ڕۆڵیان لە ڕووداوەکاندا بینیوە و چالاکی بەرچاویان گێڕاوەو بەشدارییەکی کارگەریان بووە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، ڕێکخراوەکان لە دوای پڕۆسەی بەناو ئازادکردنی عێراق، ڕۆڵی ئەکتیڤ و کاریگەری زیاتریان لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەدیارخستووە.

هەڵبژاردنی ئەم قۆناغە لەو ماوە مێژووییەدا بۆ بە دیارخستنی لایەنە شاراوەو نادیارەکانی پێگە و ڕۆڵ وکاریگەری هەر دووڕێکخراوی (یەکێتی ئافرەتان ویەکێتی ژنان)ە لە باشووری کوردستاندا و هەوڵدانێکە بۆ ئاشناکردنی کۆمەڵگەی کوردی بە خەباتی ڕێکخراوەکانی ژنان وئافرەتانی کورد لەو ماوە مێژوویەدا.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی و شیکاری تیایدا بەکارهاتووە. بەگشتی توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و دوو تەوەر پێك هاتووە. دەروازەکە بریتیە لە پرسی ژن لە چوارچێوەی ڕێکخراوەییدا، تەوەرەی یەکەم باس لە ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەکات بەتیشک خستنە سەر ئەو ماوە مێژووییە، لە ڕووی کارو چالاکییەکان، تەوەری دووەم باس لە ڕێکخراوەی یەکێتی ژنان کوردستان دەکات و بەتیشک خستنە سەر هەمان ماوەی مێژووی لە ڕووی کارو چالاکییەکانیەوە.

**وشە سەرەکییەکان**

ژن، ڕۆڵ ، ڕێکخراوەکان، پارتە سیاسیەکان، باشووری کوردساتان.

## پێشەکی

ڕێکخراوەکانی ژنان لەباشووری کوردستان مێژوویەکی ئەوەندە کۆنیان نییە، هاتنە بوونیان لە پێناو بەدیهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابووری و فەرهەنگییەکانی ژنانن لە کۆمەڵگەدا. دەتوانرێت بووترێت بزوتنەوەی ژنان لە هەر قۆناغێکدا فۆرمێکی تایبەت بە خەباتیان هەبووە. چونکە لە چەمکی واقعیانەی خۆیدا ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییە، کە خەبات دەکات بۆ ئازاد بوونی ژنان لە زوڵم و ستەمە کۆمەڵایەتییەکان، ئیتر سەرچاوەکەی هەر دەسەڵات و سیستمێکی

کۆمەڵایەتی و ئابووری بێت. ڕێکخراوەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی ژنانی کوردستان، جگە لە کاری ڕێکخراوەی بوونەتە بەشێک لە ئەجینداى حیزب و تێکەڵبوونیان بە ئایدۆلۆژیای حزبی، تەنانەت کاری ڕێکخراوەیی و کۆمەڵبوونیشیان هەڵگری هەمان مەغزای حیزبەکانە. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەرگا لە بەردەم حزب و ڕێکخراوەکان والابوو کە کار بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە بۆ داڕێژراوەکان بکەن، کە مەودای کاریان فراوان بوو پەلیان هاویشت بۆ ناوچە تازە ئازاد کراوەکان. سەرەڕای کاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و هەماهەنگی کردن لە پرسە کانی ژنان و ئافرەتان بۆ داکۆکیکردن لە بەرامبەر پیاو سالاری و هێنانەدی یەکسانی وهەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنیان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیان و دژایەتیکردنی هەموو ئەو بیر و نەریتییە کولتوورییە کۆن و دواکەوتوانەی کە ڕۆڵی ژن دەخاتە پلە دووی پەراوێزەوە.

گرنکی و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە و نەبوونی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەم ماوە مێژووییەدا، کە تایبەت بە رۆڵی ڕێکخراوەکان لە برەودان بەکار و تواناکانی ژنان لە باشووری کوردستاندا. هەروەها دەرخستنی ڕۆڵیان لە داکۆکیکردن لە چاکسازی یاسا و ڕەچەشکاندنی نەریتە دواکەوتووەکان و هۆشیارکردنەوەی ژنان و خەبات کردن بۆ بەدەستهێنانی مافە سەردەمییەکانیان و نەهێشتنی جیاوازییە ڕەگەزییەکان، لە ڕوویەکی دیکەوە بتوانین پەردە لە سەر لەیەنە شاراوەو نادیارەکانی پێگەی ڕێکخراوەی ژنان و ئافرەتانی باشووری کوردستان هەڵبدەینەوە و کۆمەڵگەی کوردی پێ ئاشنا بکەین.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە خوێندنەوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە بۆ دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لە برەودان بە تواناکانی ژنان بخرێتەڕوو، هەروەها ئاشناکردنی نەوەکانی کورد بەو خەباتەی کە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان ئەنجامیان داوە لە پێناو داکۆکیکردن لە مافی ژنان و بەشداری سیاسییان.

گرفت توێژینەوەکە: دیاریکردنی گرفتی توێژینەوەکە مەرجی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەک بۆیە دەستنیشانکردنی گرفتەکان و داڕشتنی، هەنگاوێکی گرنگی پرۆسەی لێکۆڵینەوەیە، خاڵێکە بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو کارەکانی دواتر بنێن. گرفتی توێژینەوەکە دەوەستێتە سەر نەبوونی یاخود کەمی سەرچاوەی نوسراوی پێویست لە بارەی ڕۆڵی ژن و بەشدارییان لە نێو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان لەم ماوە مێژوویەدا، هەروەها ئەو کەسانەشی بەشداری ڕووداوەکان بوون، یاداشتی خۆیان بە نووسراوەی نەکردووە کە وەکو سەرچاوەیەکی ڕەسەن سوودیان لێ وەربگیرێ. ئەمەو سەرەڕای بەشێکی دیکەیان بە هۆی ئامادەنەبوونیان بۆ چاوپێکەوتن وقسەکردنیان لە سەر بابەتەکان کە پێویستی توێژینەوەکەمان بووە، ئەمەش گرفتێک بوو بۆ نووسینەوەی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە. بەڵام توانرا لە ڕێگای هەندێ سەرچاوە و گۆڤارەوە ئەم کەلێنە پربکرێتەوە.

ڕێبازی توێژینەوە: بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە سود لە میتۆدی وەسفی بە پشت بەست بە سەرچاوە و چاوپێکەوتنەکان ببەسترێت بە تایبەت ئەوانەی کە کاراکتەر و هاوسەردەمی ڕووداوەکان بوون، لە هەندێك باردا پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبووە، هەوڵدراوە شێوازی شیکاری تێدا بەکار بێت.

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە بەسەر پێشەکی و دەروازەیەک و دوو تەوەری سەرەکی دابەشکراوە بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانەوە، لە دەروازەدا: پرسی ژن لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیدا خراوەتە ڕوو . لە تەوەرەی یەکەمدا باسمان لە ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کە زیاتر تیشک خراوەتە سەر ماوەی توێژینەوەکە. لە تەوەرەی دووەمدا باسمان لە ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان کردوەو کە زیاتر تیشک خراوەتە سەر هەمان ماوەی توێژینەوەکە.

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەچەند سەرچاوەیەکی گرنگی کوردی بەستووە کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەین وەکو: د. ڤیان سلێمان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بناسە و کنێر عەبدوڵلا ، بەشداری سیاسی ژنان لە باشووری کوردستان و د. شەونم یەحیا، ژن و پرسێکی هاوبەش و ڕوانگەی جیاواز و چەندین سەرچاوەی تری دیدار لەگەڵ کەسایەتی کاراکتەر و هاوسەردەمی قۆناغەکە، وەکو (ناسکە سعید خدر و کوێستان لطیف والی ونەزاکەتحسین حمە سعید و کنێر عەبدوڵلا و مونیر ئەبوبەکر و سازیان تالب صالح )و ئەو دیدەنیانە بەشێوەی تۆمارکراو بەکارهێنراون.

## دەروازە: پرسی ژن لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیدا

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژگار و جموجوڵەکانی سەر ئەم هەسارەیە زاڵبوونی مۆرکی ڕێکخستن و شێوازی کاری ڕێکخراوەییە بە سەر هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا(جاف، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، بەجۆرێک ئەو باوەڕەمان بۆ دروست بیێت کە ئەم سەردەمە بووەتە سەردەمی بزاوتی ڕێکخراوەیی و جووڵەی دیسپلینکراو(سعید، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). لە ڕوانگەی خەمی فیمینستیەوە ئەمە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی گشتی هەیە لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا، کە هاوتەریب لەگەڵ مافەکانی ژنان بۆ یەکسانی زیاتر زەمینەی بۆ رەخساوە، تەنانەت کلیلی بەهێزکردنی ژنان لەم مەیدانەدا بریتییە لە شکانی بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو بەربەستانەی کە ڕێگری دەکەن لە فراوان بوونی سنورەکانی ژینگەی گشتیدا، لەو سۆنگەیەوە پەنا براوەتە بەر ڕوانگەی ڕێکخراوەکان تاوەکو بەمیتود و مەبەستی دیاریکراو، دنیابینی کۆمەڵایەتی بەرەو بازنەیەکی فراوانتر لە لۆژیکی ئازادی و مافەکانی ژنان بەرن ( خدر، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

ڕاستە لە باشووری کوردستاندا لە مێژە ڕێکخراوی ژنان هەبوون،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەڵام ڕێکخراوەکان ڕێکخراوی وابەستە بە حزبە سیاسییەکان بوون، دروستبوون و هاتنە بوونی ڕێکخراوەکانی ژنان لە پێناو بە دیهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەکانی ژنانن لە کۆمەڵگەدا، دژی هەموو ئەو بیر و ترادسیۆن کلتورییە کۆنە پارێز و دواکەوتوویە کە ڕۆڵی ژنان دەخاتە پلە دووی پەراوێزەوە. (یەحیا، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) فرەی ڕێکخراوەیی لە بەرامبەر فرە ئایدۆلۆژی بووندایە کە ڕاستەوخۆ سەر بە حزبەکانن کە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا کاردەکەن.(والی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) چونکە هەر ڕێکخراوێک زادەی بیرکردنەوەی وابەستەیە بە بەرنامە و میتۆدی ئەو حزبەی کە ئینتمای بۆ کردووە.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی حوکمڕان دەرگا لە بەردەم زۆر حزبی سیاسی واڵا بوو کە کار بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە بۆ داڕێژراوەکانی بکەن، کارکردنی ژنان لە نێو حزب و ڕێکخراوەکاندا شوێن و پێگەی خۆی وەرگرت، بەڵام دەق بە ئایدۆلۆژییایەکی تەبەنی کراو کە لە کلتوری حزبەکانەوە سەری هەڵدابوو.(یەحیا، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) سەرۆ قادر لەو ڕووەوە دەڵێت:" ... دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ئافرەتان، ئەو ڕێکخراوانە بەشێکی جیانەکراوەی پارتەکان بوون، لە هەڵوێست و کردەوەی سیاسیدا...، لایەنی هەرەباش و پۆزێتیڤی ئەم ڕێکخراوە ئەوە بووە، کێشەی ژن و مافەکانیان کردە بەشێک لە کلتوری شۆڕشگێڕی و لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوەش شەرعیەتی شۆڕشگێریان پێدا، هەر بۆیە لە کێشەی ژنی کورد لە بەرنامەو پێرەوی حزبی کوردیدا لە نێوان تێۆری و پراکتێکدایە "(قادر، ٢٠١٢، ل٤٧). کە یەکێک لە بنەما و خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە، سەلماندنی مافی ژن و ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیە کە لە دادپەروەری نێوان ژن و پیاودایە.(هابیل، ١٩٩٧، ل٣٦).

پەرەسەندنی کاری ڕێکخراوەیی ژنان زادەی هەڵقوڵاوی ناو کاری سیاسی حزبە دەسەڵات دارەکانی کوردستان بوون، کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ڕێکخراوی ژنان وەک کایەیەک بە بەشێک لە پەیرەو پرۆگرامی حزبە کوردیەکان بە دیار کەوت و پەرەیان سەند، (خدر، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) گەر چی بەر لەو ماوەیە کردنەوەی قوتابخانەیەک یاخود هەوڵدان بۆ خوێندەوار بوونی ژنانی کورد سەرەتایەک بوو بێت بۆ هاتنە نێو کاری سیاسی و وشیارکردنەوەی ژنان، لەو ڕوانگەوە دروستکردنی ڕێخراوێکیش بۆ ژنان درێژە پێدەری ئەم کارە و بەرەو پێشبردنی ڕەوشی ژنانی کورد ودۆزینەوەی خودی خۆی لە ناو کایە سیاسی ومەدەنییەکانی کۆمەڵ، بەڵام بە فۆرمەڵەیەکی دیکە ئەوا لە دوای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو پەیرەوی بەشداربوونی ژنانی کورد لە کایەکانی کۆمەڵدا ڕەنگی داوەتەوە(یەحیا، ٢٠٠٨، ل٣٠٦).

هەرچەندە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لە چەمکی واقیعیانەی خۆیدا ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییە، کە خەبات دەکات بۆ ئازاد بوونی ژنان لە زوڵم و ستەمە کۆمەڵایەتییەکان، ئیتر سەرچاوەکەی هەر دەسەڵات و سیستمێکی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بێت( حەمە، ١٩٩٤، ل



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٦).

بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستاندا دوای دامەزراندنی یەکەمین حزبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، زەرووەتی دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ ( ئافرەتان)ی کوردستان لە ساڵی (١٩٥٦) بە هەنگاوێکی گرنگی زانیوە لە پەرەوکردنی دیموکراتیدا،( الرباتی، ٢٠٠٤، ص ٢٨٣) چونکە یەکێک لە پرنسیپەکانی دیموکراسی بایەخدانە بە مافی مرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری. کە هەنگاوێکی دەگمەن بوو بەو پێیەی لەو سەردەمەدا هزری پیاو سالاری و نەریت پارێزی بە تەواوی هەژموونی بەسەر بیری کۆمەڵایەتی سەرانسەری ناوچەکەدا هەبوو، بەو هۆیەوە ژنان لەمافی بەشداری گشتی بێبەش کرانبوون دامەزراندنی ڕێکخراێکی تایبەتمەند بە پرسی ژن و بوونی دەستەیەکی لە ژنانی پێشەنگ و یەکسانیخواز بۆ لە ئەستۆ گرتنی ئەو ئەرکە، لە کاتێکدا هەنگاوێکی بوێرانە و ڕەچە شکێن بوو، (قەرەداغی، ٢٠١٨، ل ٦٢) هێدی هێدی پرسی ژن کەوتە نێو ئەجندای حزبەکانەوە هەریەکە و هەوڵی دەدا بە تێوری لە ناو بەرنامەی خۆیدا جێگەی بکاتەوە، کە پێویستییەکی واقیعی و سەردەمیانەی حزبە سیاسییەکان بووە، (بەشار، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) دواتر چەندین ڕێکخراو دامەزراوە بە گوێرەی ئەو قۆناغە مێژوویانەی کە لە دامەزراندنی هەریەک لەم ڕێکخراوانەی پێدا تێپەڕیووە، باسێک دەربارەی مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو کارو چالاکیان بە پێی توێژینەوەکە هەریەکێک لەو دوورێکخراوایە بە جیا دەخرێتە ڕوو.

## تەوەری یەکەم: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان( ی. ئا. ک )

مێژووی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە لە بۆ ١٩٥٢/١٢/١١ کە بەشێوەیەکی نهێنی دامەزرا (ئامێدی، ٢٠٠١، ل ٥). لە بەر خراپی و هەلومەرجی ناهەمواری سیاسی ئەو کاتە نەتوانرا کۆنگرەی ببەسترێ، بەڵکو بە شێوەی ڕاوێژکاری دەستەی بەرێوەبردن پێک هێنرا. لە ماڵی(میرزا غەفور)بەئامادەبوونی(١٠)ژن لەوانە: (درەخشان جلال حەفید، سورەیای مەلا گەورە(جەلیل زادە)، ناجی خانی مستەفا فەندی موفتی، ناجیە خانی میرزا غەفور، ناهیدەخانی میرزا غەفوور، ئافتاو کەریم ناسراو بە (ئاتەی خەنەشۆ)، مەدیحە محەمەد کەریم)، هەندێ کەسایەتی دیکەی ژن بانگکرابوون، بەڵام لە بەر بارودۆخی ناهەمواری ئەو ڕۆژە نەیانتوانی بوو ئامادەبن.(زادە، ٢٠١٠، ل ٢٨-٢٩) کە سەرجەم چالاکی و کارەکانی بە نهێنی ئەنجامدرا بوو، ئەمەش وایکردبوو کەمتر هەست بە بوونیان بکرێت، ئەگینا قورسایی قۆناغەکە لە خەباتی ڕێکخستندا بەشێکی کاریگەریی لە سەر دەستی ژنانی کورد ئاراستە کراوە.(خدر، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) تاوەکو ساڵی (١٩٥٨)بەشێوەی نهێنی و کۆمەڵ لە سنووری سلێمانی کاریانکردووە بێ ئەوەی کەسێکیان ناونیشانی سکرتێری یاخود بەرپرسی هەبێت. لە ناوچەکانی دیکەش هەندێ گرۆپی دیکە هەبوونە وەک

خانەقین، کەرکوک و زاخۆ، بەڵام یەکتر ناسین لە نێوانیاندا نەبووە (بەشار، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) .

ڕێکخراوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان)ڕێکخراوێکی جەماوەری مەدەنی دیموکراسی ئافرەتانی کوردستانە، تێدەکۆشێت بۆ پاراستن و داکۆکیکردن و دەستەبەرکردنی سەرجەم مافەکانی ژنان و بەرزکردنەوەی ئاستی توانای لە گشت بوارەکانی ژیان بە شێوازێکی سەردەمیانە (پەیڕەوی ناوخۆی، ٢٠١٠، ل ٣).

هەر ڕێکخراو و دامەزراوەیەک بۆ سەرکەوتنی کارەکانی، دەبێت ئامانجێکی دیاریکراوی سەرەکی هەبێت کە تەواوی پلان و بەرنامەکانی لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجەدا بێت. (والی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) ئامانجی سەرەکی تەوەری دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بەردەوام جەخت لە سەرهێنانە دی ئەو ئامانجانە دەکات کە هەر لە سەرتاوە ڕێکخراو لە پێناویاندا دامەزراوە، (جاف، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) کە خۆی لە برەودا بە هزر و توانای ژن بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی و بەشداریکردنی لە پرسە نەتەوەیی و جڤاکی، هاوتای ڕەگەزی بەرامبەر دەبینێتەوە، بەشداریکردن ژن لە خەباتی نەتەوەیی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ژن خۆی بە هاوبەش دەزانێت بۆ هەموو ئەرکە نەتەوەییەکان لەو پێناوەشدا هەموو توانای خۆی دەخاتە گەر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە دەمانگەیەنێت بە ئامانجی دووەم کە ئەویش یەکسانییە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لە سەرجەم جومگەکانی ژیانی جڤاکی مرۆڤ، لەم پێناوەشدا (ی. ئا. ک) کاری کردووە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و بەرەنگاربوونەوەی کلتوری پیاوسالاری و بەشداریکردن لە سەرجەم جومگە سەرەکییەکانی هەڕەمی دەسەڵات بەشێوەیەکی کارا و یەکسان لە کۆمەڵگەدا، بۆ پەرەپێدان و چەسپاندن و پاراستنی ئەزموونی دیموکراسی، لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دادوەرانە(بەشار، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) .

ئەندامبوون لە نێو ئەم رێکخراوەدا بە پێی پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆی(ی. ئا. ک) کە لە کۆنگرەی حەوتەمدا بڕیاری لێدراوە، هەموو (ئافرەتێکی) کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەتوانێ ببێتە ئەندام بەو مەرجەی بڕوای بە پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆی ڕێکخراو هەبێ، تەمەنی لە (١٦) کەمتر نەبێت و بڕوای بەپێڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە هەبێ، فۆرمی ئەندامێتی پڕ بکاتەوەو ئابوونەی بە ئەندامبوون بدات.(پەیرەوی ناوخۆی، ٢٠١٠، ل ٩-١٠).

هەموو ئەندامێکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، دەتوانێت لە ئۆرگانەکانی(یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) بەرپرسیاریەتی وەربگرێت، بەو مەرجانەی کە لە پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ دیاری کراوەو ئەو ڕێنماییانەی کە مەکتەبی سکرتاریەت دەری دەکات کە بریتی بوون لە:

یەکەم/ باوەڕی بە ئامانجەکانی ڕێکخراو هەبێت و لە خۆبوردوانە کار بۆ بە دەستهێنانیان بکات.

دووەم/ باوەڕی بە یەکسانی هەبێت و ئەو باوەڕەش لە هەڵسوکەوت و

کردارەکانیان ڕەنگ بداتەوە.
سێیەم/ پابەندبوون بە ئەرک و بەرپرسیاریەتی لە ڕێکخراودا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ.
چوارەم/ هزری پەروەردە بکات بە بیرۆکەی نوێ و ئەندێشەی پێشکەوتوخوازانە بۆ پێشکەوتنی ڕێکخراو.( بەشار، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن؛ سلێمان، ٢٠٢٣، ل ٢٣٤-٢٣٥).

کادیر بوونی ڕێکخراوەی: کەسێکە، بەردەوامە لە کار لە نێو ئۆرگانەکانی(ی. ئا. ک) ئەزموون ولێزانی بەدەستهێناوە و ئەرکەکانی بە سەرکەوتوویی بە ئاکام بگەیەنێت و هەڵگری چەند ئەدگارێک بێت و شارەزای بواری کاری ڕێکخراوکەی بێت و باوەڕی تەواوی بە مافی یەکسانی ئافرەتان هەبێت و ئەو باوەڕەش لە ژیانی تایبەتی خۆیدا ڕەنگی دابێتەوە، کەسێکی کۆمەڵایەتی و ئەکتیڤ بێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، خۆسازێن بێت لەگەڵ ژینگەکەی و بەشداری ئافرەتان بێت لە بۆنە تایبەتییەکان کە مەودای کاری ئەم ڕێکخراوە لە چوارچێوەی دید و سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەو پێویستە هەوڵی جدی بدات بۆ چەسپاندن و گەیاندنی بەرنامەی پارتی بە ئافرەتانی کوردستان و دیدو بۆ چوونی پارتی لەمەڕ مەسەلەکانی ئافرەت بە ئافرەتان رابگەیەنێ و لەو ڕێگەوە سەنگ و کێشی دەنگی ژنانی کوردستان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاکێشێت (سلێمان، ٢٠١٩، ل ١٩). لە ڕووی خۆ پێگەیاندنی کادرانەوە کە خۆی لە پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری لە ڕێگای کە ناڵی جیاوازەوە بدات و سود لە سەرچاوە مەعریفیەکان وەرگرێت و زانیاری هەبێت بۆ پرس و کێشەکانی ئافرەت و بەدواداچونی هەبێت، هەروەها لە بواری سیاسی دا کەسێکی هۆشیار و چاوکراوە بێت و بەدواداچوونی بۆ ڕووداوە سیاسییەکان هەبێت و هۆشیاری یاسایی ببێت و لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییە بێت کە لە ئەستۆیدایەو ڕۆڵی لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی ڕێکخراو دا بێت. (خدر، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

بەو شێوەیە هەر کادیرێکی ئافرەت بە ئامانج و پەیامێکی رۆشنەوە لە پێناو مافەکانیدا وەک ئافرەت ، هەم لە پێناو مافە نەتەوەییەکەیدا وەکو کورد هاتبوویە پێشەوە کە تێکرای دیدی ڕێکخراوەکە بووە بۆ ئافرەتان(خەلیل و محەمەد، ٢٠٢٥، ل ٢١٠).

ئافرەتان وەک بەشێکی کاریگەر، هەمیشە لە گۆڕانکارییەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە. ڕۆڵی کاریگەریی ئافرەتان ئاماژەیەکی روون و رەوانی ئەو واقیع وێنا تراژیدی و تاریکە بوو کە ساڵەهای ساڵ بوو لە سایەی سیستمی حوکمرانی حزبی بەعسدا بوو( والی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). شەڕی بەناو ئازادی عێراق و کۆتایی هاتنی حوکمی بەعس، بژاردەیەکی گرنگی گۆڕانکارییە نوێیەکانی عێراق لە بەردەم کاری ژناندا خۆیان دەبینییەوە. باشتر بوونی دۆخی دارایی و کرانەوەی عێراق و کوردستان بە ڕووی دونیای دەرەوە، ڕوداوگەلێک بوون کە کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە و تاک هەبوو(سعید،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). یەکێتی ئافرەتان لە پێناو بەردەوامی مانەوەی لە ئاستی پێویست و سود وەرگرتن لە دەرفەتە تازەکان بۆ پێشخستنی پرسی ژن و پەرەپێدانی تواناو کارامەی ژنان. و بە پێی قۆناغەکە پەرەی بە کاری ڕێکخراوەیی خۆی داوە و ڕۆڵی لە هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژنان هەبووە ( خدر، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). (ی. ئا. ک)بەستنی کۆنگرەی شەشەمی لە ١٢-٢٠٠٧/٣/١٤ لەژێر دروشمی:( پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەت لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان)بە ئامادەبوونی ١٧٥ ئەندام، لەم کۆنگرەیەدا پێکهاتەی(ی. ئا. ک) گۆڕانکاری بەسەردا هات، لە جیاتی (لق) ئەنجومەنی پارێزگاکان دانران کە بەرزترین دەسەڵات بوون لە هەر پارێزگایەکدا، لە جیاتی (ناوچە) ئەنجومەنی قەزا دانراو لە جیاتی(ڕێکخراو)ئەنجومەنی ناحیە دانرا. دواتر لە دوای کۆنگرە ئۆفیسێکی سەرەکی لە ئەوروپا کرایەوە، کە مەڵبەندەکەی لە وڵاتی هۆڵەندا بوو، ئامانجی ئەو ئۆفیسە بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری ژنان بوو لە ئەوروپا لە کۆتایشدا لە سەربنەمای هەڵبژاردن (د. کوردستان موکریانی) بەسکرتێری نوێ هەڵبژێردرا(خلیل و محەمەد، ٢٠٢٥، ل٢٣٠).

کۆنگرەی حەوتەم لە ٤-٢٠١٠/٨/٥ لە ژێر دروشمی:( بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ئایندەیەکی پرشنگدارتر)بە ئامادەبوونی ٢٠٨ ئەندامی کۆنگرە، بە تێکرای دەنگی ئەندامان(د. ڤیان سلێمان حاجی) بە سکرتێر هەڵبژێردرا. لە پاش بەستنی کۆنگرە سەرەڕای درێژەدان بەو کارو چالاکیانەی کە لە ساڵانی پێشووتر ئەنجامدراون، بۆ زیاتر گەشەسەندن و پەلوپۆ هاویشتنی ڕێکخراو و بۆ هەموو شوێنێک و گونجانی بەرنامەو کارەکانی لەگەڵ خواستەکانی سەردەم داخوازییەکانی ژنانی کوردستان، پەرەی بە جۆری کارو چالاکیەکانی دا و چەندین میکانیزمی دیکەی بە کارهێناوە بۆ گەشتن بە ئامانجەکانی(بەشار، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

**لە کارو چالاکییەکانی(ی. ئا. ک) لە ماوەی هەردوو کۆنگرەی شەشەم و حەوتەمی ڕێکخراودا:**

١- **بەشی ڕێکخستن وئامار:** لە دوای کۆنگرەی شەشەمەوە لە ڕووی ڕێکخستنەوە لە سەر بنەمای دابەشکردنی ئیداری(١٧٧) ئەنجومەنی پارێزگە، شارۆچکە و شارەدێ لە نێوان کوردستان و لە ناوچە دابڕێنراوەکانیدا پێکهێندرا و ٨ ئەنجومەنی پارێزگە، لە هەریەک لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و کەرکوک و سلێمانی و موسڵ و بەغداد دەڤەری گەرمیان و دەڤەری شەنگال ٤٨ ئەنجومەنی شارۆچکە و ١١٩ ئەنجومەنی شارەدێ(ناحیە) و نوسێنگەیەکیشیان لە ئەوروپا دامەزداند بوو (سلێمان، ٢٠٢٣، ل ٢٢٨).

٢- **بەشی کۆمەڵایەتی:** هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتان ئامانجیان وشیارکردنەوەی ژنان بووە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێگای بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە، کردنەوەی وەرزی ڕۆشنبیری لە سەر

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، بەشداریکردنی کادیر ژن بۆ گوتنەوەی وانە بۆ کۆمەڵناسانی پارێزگای دهۆک لە سەر ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەی سیداو، (سعید، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) ئەنجامدانی چەندین خول لە لایەن مەکتەبی سکرتاریەت زمانی ئینگلیزی، کۆمپیوتەر، کاری دەستی بەهاوکاری لقی هەولێر وسازدانی چەندین ووٚرک شۆپ، سیمینار، خولی جۆراوجۆر لە بنکەکان سەبارەت بە دەنگدان بەڕەشنووسی دەستور و هەڵبژاردن(خدر، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). لە ڕووی نەخوێندەواری هۆیەکی گەورەی سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتیە، لەو ڕوانگەوە بایەخ دراوە بە کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بەهاوکاری وەزارەتی پەروەردە ٣٩ بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواریان لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان کردەوە، کە هەریەکەیان ٦مانگی خایاند بەم ڕێگایە توانرا ٨١٦ ژن لە نەخوێندەواری ڕزگار بکەن(والی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەستپێشخەربووە لە پێگەیاندنێکی زانستانەی ژنی کورد، چونکە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕێکخراوانی کوردستان و عێراق لە ٨/٢٥ /٢٠٠٨دا، پەیمانگەیەکی تایبەتی دامەزراند بۆ پێگەیاندنی کادیری(ئافرەت) و لەو ماوەیەدا دوو خولی پێگەیاندنی کردەوە، کە ٦٦ ژن بەشداریان تێدا کرد، دواتر بەردەوامیدان و بەڕێوەبردنی ٦ خولی دیکەی لەپاش کۆنگرەی حەوت(بەشار، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری، زمانحاڵی کاروبار و چالاکییەکانی یەکێتییەکە بە پێویست زانرا گۆڤارێکی نوێ بەناوی (شیکار)کە گۆڤارێکی وەرزی هزریی بوو دەربچوێنرێت. لە ژمارە سفرە تا ژمارە ٢٤ لێ دەربچێت، هەروەها چەندین بڵاوکراوە لە کۆنگرەی شەشەمەوە مۆڵەتیان بۆ وەرگیراوە زۆربەشیان لە دەرچوونیان بەردەوامن:(وێ) گۆڤارێکی مانگانەیەو یەکەم ژمارەی لە ٢٠٠٧/١٢/١١ دا دەرچووە و مەکتەبی سکرتاریەت ئامادەی دەکات و لە هەولێر بڵاویدەکاتەوە. (ئاگا)گۆڤارێکی مانگانەیەو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڵاویدەکاتەوە یەکەم ژمارەی لە ٢٠٠٨/٤/٢٢ بەچاپ کراوە.

( ئافریدە) گۆڤارێکی مانگانەیەو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بڵاویدەکاتەوە یەکەم ژمارەی لە ٢٠٠٨/١٢/١١چاپکراوە. (المرأة) گۆڤارێکی مانگانەیەو ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بڵاوی دەکردەوە، تەنها ٣ ژمارەی لێ دەرچوو بوو، یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەم ٢٠٠٨ هەر لە موسڵ بڵاوکرایەوە.

(کانی کوردستان) یەکەم ژمارەی لە حوزەیرانی ٢٠٠٩دا بڵاوکراوەتەوە لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا ئامادەکرا. (سلێمان، ٢٠٢٣، ل ٢٦٦). هەر لە دەرهاوێشتەی کۆنگرەی حەوت ڕادیۆی هێلین بە دروشمی دەنگێک بۆ ئێستا و هەمیشە، لە ساڵی ٢٠١٣ وە دەستی بە پەخشی خۆی کردووە، وەک یەکەمین ڕادیۆ لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان دادەمەزرا، هەروەگا لە وکۆنگرەیەدا گرنگی تەواو درا بە بواری میدیای ئەلکترۆنی، لەمیانەشدا ماڵپەڕی(ی. ئا. ک) دەستی بە کارەکانی کرد، کە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ماڵپەرێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی گشتی بووە(علی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). لە پاڵ ئەم بڵاوکراوانەشدا چەندین کتێب و نامیلکە لە لایەن (ی. ئا. ک) چاپکراون کە سەرجەمیان پەیوەندیان بە دۆزی ژنانەوە هەیە و زۆربەشیان زادە و بیری ژنانی کوردن.(خدر، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

## تەوەری دووەم: یەکێتی ژنانی کوردستان( ی. ژ. ک)

یەکێتی ژنانی کوردستان لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ لە سەقز (برایم، ٢٠٢٤، ٥٤-٥٥؛ سابیر، ٢٠٢١، ل ٢٤) لە سەر پێشنیاری هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە ڕا گۆرینەوە لەگەڵ کافیە سلێمان،(ئومەربلی، ٢٠٢٣، ل ١٧٦) لە دوای پرۆسەی ئەنفال و کیمیا باران و ئاوارە بوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان لە تاراوگە(ب. س ، ١٩٩٧، ل١٣٥) بەمەبەستی کۆکردنەوەی بیرو هێزو توانای پەرتەوازەیی ژنان و ئاراستەکردنیان بۆ خەبات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانیەکانی گەلی کورد و بە دیهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی ژنان (برزنجی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)دوای چەند کۆبوونەوەیەک بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ژنانەی سەربەخۆ بۆ هەموو ژنانی کوردستان درا. کە دەستەی کارگێری (ی. ژ. ک) لە ١١ ژن پێکهاتبوو، کە هەریەک لە( هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کافیە سلێمان، پەخشان جلال حفید، سەبیحە شێر محەمەد، کەژاڵ ئەحمەد علی، ڕەحمە عەبدوڵلا، دڵدار مەجید بەهادین، پەری عەلی قەرەداغی، ئەڵماس محەمەد ڕەشاد، ، چیمەن عەبدولڕەحمان، مەهاباد توفیق) ، لە دوای دەستەی کارگێری پەیوەندی بە چەندین ژنانەوە کرا لە شارو ئۆردوگاکانی بانە و سەقز و مەهاباد و مەریوان لە دیارترتنیان (وەسفیە بەنی وەیس، نەسرین مارف، مەهاباد شێخ محەمەد ئەمین، گەلاوێژ فؤاد، حەلیمە حەمید، ڕێزان ئەحمەد هەردی، حەسیبە عەبدوڵلا، پەیمان حەمید، شوکریە کریم، فاتیمە ڕەشید، بێریڤان مستەفا، کەژاڵ عەلائەدین، گەلاوێژ مەجید، تارا شێخ عوسمان...)(مستەفا، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) و پێڕەو پرۆگرام ئامادەکرا. هەروەک لە یەکەم بەیاننامەی ڕێکخراوەکەدا هاتوە:"هەمو ژن وکچێکی کوردستانی عێراق بەجیاوازی نەتەوەو ئاین و بیروڕای سیاسیەو دەتوانێت ئەگەر پرۆگرام و پەیرەوەکەی پەسەند کرد بەمەرجێک مەرجی ئەندامێتی تێدا بێت، ببێتە ئەندامی ڕێکخراوەکە"(ئەحمەد، ٢٠٢١، ل ٥٤) دواتر بەمەبەستی جێبەجێکردنی کار و چالاکییەکان چەند لیژنە وب ەشێکیان پێکهێنا بوو لەوانە لیژنەی ڕاگەیاندن و لیژنەی ڕێنمایی تەندروستی و لیژنەی فریاگوزاری و لیژنەی دارایی و ڕێکخستن و بەشی کۆمەڵایەتی کە لە هەوڵی وشیارکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەمەی دوچاری خێزانە کوردەکان بووەتەوە(تالب، ٢٠٢٥، ل٣)، لەڕێگەی تیمێکی تەندوستی سەرەڕای چارەسەرکردنیان ڕێنمای تەندروستیان پێشکەش بە ژنان کردوە

به تایبەت لە کاتی بڵاو بوونەوەی نەخۆشیە گوازراوەکان(محەمەد، ٢٠٢٥، ل٧٦٧-٧٧٢)، هەروەها کۆکردنەوەی ئابوونە لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە لایەن لیژنەی داراییەوە، دواتر داهاتەکە پێشکەش بەو ژنانە دەکرایەوە کە پێویستیان بەیارمەتی و کەمدەرامەت بون( شەهید تالب، ٢٠٢٥،چاوپێکەوتن)،لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەم لیژنەیە بۆ ناساندنی( ی. ژ. ک) بە ڕێکخراوە بیانیەکان گرنگی زۆری هەبووە(عزەدین، ٢٠٠٢، ل٣).

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئەم ڕێکخراوە وەک دامەزراوەیەکی سیستماتیکی پرۆژەکانی پێشکەوتن و پسپۆری زیاتریان بە خۆوە بینیەوە، بە سود وەرگرتن لە هاوکاری ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان ورێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان، کە پرۆژەکانی لە چەندین جۆردا خۆی بینیوەتەوە (هەردی، ٢٠١٢، ل ١٧٤-١٧٦). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێکخراوە ئامانجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی هەیە، وەک گۆڕینی باری کەسی بەشێوەیەک لەگەڵ واقعی کۆمەڵێکی علمانی و مەدەنی بگونجێت، هەروەها هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازییەکی ڕەگەزی لەدەستوردا، لەگەڵ بەشداریکردن لەخەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کورد کوردستان لەپێناو بەدیهێنانی ڕژێمێکی دیموکراسی کە مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد و مافی مرۆڤ و پێکهێنانی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان دابین بکات، بە جۆرێ کە ژن و پیاو لە بەکارهێنانی مافەکانی هەڵبژاردن و کارکردن و مافە سیاسی وئابووری و پەروەردەیی و تەندروستیەکاندا یەکسان بن، هەروەها بەگژداچوونەوەی بیرو نەریتە کۆنەپەرستییەکان کە کەسایەتی و مرۆڤ بوونی ژن کەمدەکەنەوە و بەکژداچوونەوەی هەموو ئەو دیاردە دزێوانەی ناو کۆمەڵ کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم بنیادنانی کۆمەڵێکی شارستانی(پەیرەو پرۆگرام، ب. س، ل ٥-٧).

لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێکخراوە بە بەشداری مافناسان و دادوەران و شارەزایانی بواری یاسا یەکەمین کۆنفرانسی چاکسازی یاساکانیان بەست و توانرا گۆڕانکارییەک بێتە ئاراوە لە یاساکاندا کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕۆژگاری نوێدا، چەندین پرۆژە یاسایان لە بواری یاسای باری کەسێتی و نەهێشتنی فرە ژنی خستە بەردەستی پەرلەمان و حکومەت (شەهید تالب، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

ئەندامبوون لە  نێو ئەم رێکخراوەدا بە پێی پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆی(ی. ژ. ک) کە لە  کۆنگرەی یەکەمدا بڕیاری لێدرابوو" هەموو ژنی کوردستان  بە جیاوای نەتەوەو ئاین و پلە کۆمەڵایەتییەوە ئەگە مەرجەکانی ئەندامێتیان تیابوو ، کە تەمەنی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت و دەست و دەم و داوێن پاک بێت. پابەندی (ی. ژ. ک)بێت و پیادەی بکات و ئابوونەی مانگانە بدات، بۆیان هەیە ببنە ئەندامی یەکێتی ژنانی کوردستان، سەبارەت بە ئەرک و مافەکانی ئەندام بوون"(پەیرەو پرۆگرام، ب. س، ل ٥-٧).

کادیری ڕێکخراو: کەسێکە، زۆربەی کاتەکانی خۆی تەرخان دەکات بۆ

بەئەنجام گەیاندنی کاروباری ڕێکخراوەکەی (ی. ژ. ک)، لە هەمانکاتدا پێویستە هەوڵی جدی بدات بۆ چەسپاندن وگەیاندنی بەرنامەی ڕێکخراو بەو پەڕی پرواومتمانە بەخۆکردن کە ئەرکی بەرپرسیاریتیان لە ئەستۆ گرتووە، بەرنامەی ڕێکخراویان هەرسکردووەو بە باشی گەیاندویانەتە جەماوەر بەگشتی و ژنان بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەزمون و شارەزاییەوە(نادر، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). پێگەشتنی کادر پێویستە خۆی خاوەنی ئیرادەی بەهێزو ڕۆشن فکربێت، ڕێکخەر و ڕێنمایکەر بێت، باوەڕی تەواوی بە مافەکانی ژنان و پرسەکانی هەبێت(مستەفا، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، گەیەنەری داوا و خواستی جەماوەری ژن بێت(تالب، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). لە ڕوویەکی دیکەوە ئەرکی سەرەکی ڕێکخراو کە کادر لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی و دبلۆماسی و ئیداری و ڕاگەیاندن وخیتابی جەماوەری پێبگەیەنێت، تاوەکو ببنە سەرکردە بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە هەمیشە بەزیندوویی وبەهێز بمێنێتەوە(مستەفا، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). یەک لە هۆکارەکانی بە جەماوەر بوونی(ی. ژ. ک) دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتووی هەڵگرتنی ئەرکی بەرپرسێتی کادرانی، کە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و لێک گەیشتن و یەکتر ناسین و ئاشنابوون دۆستایەتی لە نێوان سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی ژنان لە سەرجەم شارو شارۆچکەکاندا دروستکردبوو و پەرەیان پێدابوو (نەقشبەندی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

ئەم ڕێکخراوە لە ٢١-١٩٩٩/١١/٢٣ لە شاری سلێمانی یەکەم کۆنگرەی خۆی گرێداوە، کە تیایدا (کافیە سلێمان عەبدوڵڵا) بەسکرتێری(ی. ژ. ک) هەڵبژێردرا، ئەم ڕێکخراوە تاوەکو ساڵی ٢٠١٤ چەند گۆڕانکاری( گۆڕین و دانان) لە ئەندامانی سکرتاریەت و لێپرسراوی بەشەکانی سکرتاریەت و لێپرسراوی لقەکان کردوە بەپێی بەرژەوەندی ڕێکخراوەکە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەئەندامانی کۆنگرە لە کۆنگرەدا بە سکرتێری ڕێکخراوەکەیان بەخشیوە کە لە پەیرە و پرۆگرامدا ئاماژەی پێدراوە(شەهید تالب، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

لەدوای پرۆسەی بەناو ئازادی عێراق، کە وەرچەرخانێکی مێژووی گەورە بوو لە بارودۆخی ناوچەکەو عێراق کوردستان، هەروەها لە سەر ئاستی پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان (عزەدین، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)کرانەوەیەکی نوێ بە ڕووی ژناندا کرایەوە، بەتایبەت لە ڕووی کاری ڕێکخراوەیی کە مەودای کاری ڕێکخراوەکانی بەگشتی فراوانتر کرد، دەتوانرێت ناوی بنرێت بە ڕاپەڕینی ژنان. (ی. ژ. ک) لەو سەروبەندەدا کاراتر بوو بە تایبەت لە بابەتی مافی ژنان، وەک ڕواڵەتێکی گەشی دیموکراسی باس دەکرا و لە دەستوردا چەسپێنرا، بەرنامەو پلانەکانیان تۆکمەتر کرد و مەودای کارو چالاکییەکانی فراوانتر بوو، پەلییان هاوێشت بەرەو ناوچە تازە ئازادکراوەکان (کەرکەک و خانەقین و شەنگار و موسڵ )کە بەناوچەکێشە لە سەرەکان ناوزەند دەکرێت(نوری، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). (ی. ژ. ک) بە تایبەت بەمیکانزمێکی نوێ دەستیان بە کارەکانیان کرد لە پاڵ خەباتیان بۆ

بەدەستهێنانی مافەکانیان و بەدەستهێنانی یەکسانی و نەمانی جیاوازییەکان، هەروەها خەباتکردن بۆ بەشداریکردنی ژنان و ڕۆڵبینین لە خەباتی سیاسی ناوچەکەدا(مستەفا، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

(ی. ژ. ک) بە هەماهەنگی لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان بە شداری لە تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان کردوە، چەندین کاری هاوبەشیان پێکەوە و بە هەماهەنگی ئەنجامداوە کەخۆیی لە داکۆکیکردن و چەسپاندنی مافەکانی ژنان و دروستکردنی ڕای گشتی سەبارەت بە پرسی ژنان لە کوردستاندا.( تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکان، ٢٠٠٥، ل ١؛ سەردەمی ژن، ٢٠١٥، ل ٦٨).

لەڕووی دارایی ڕێکخراوەوە کە پشتی بە ئابونە یان کۆمەکی ئەندامانی ریکخراو بەستووە، کە سەرچاوەیەکی گرنگە دەتوان زۆرترین ئابونە لە ڕێی ئەندامانیان کۆبکەنەوە. پشتیوانی حکومەت لە رێی سندوقی کۆمەکی ڕێکخراوەکان(منحة) وهاوکاری خودی سکرتێری گشتی(ی. ن. ک) جلال تاڵەبانی و پشتیوانی ڕێکخراوە بیانی و دامودەزگا نێودەوڵەتیەکان و پشتیوانی کەرتی تایبەت یان کە سایەتی تایبەت و پشتیوانی ڕێکخراوە خێرخوازەکان و یارمەتی و کۆمەکردنیان، لەگەڵ داهاتی ئەو پرۆژانەی ڕێکخراو جێبەجێی دەکات، هەروەها ئەو بڵاوکراوانەی کە
ڕێکخراوەکە دەری دەکات(نەقشبەندی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

**لە دیارترین چالاکی و پرۆژەکانی ڕێکخراوی(ی. ژ. ک) دابەش بوون بە سەر :**

**بەشی تەندروستی:** بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دەروونی ژنان و کۆکردنەوەی ئەو ژنانەی بەهۆی نەخۆشییەوە لەسەر شەقامەکان و بێ پەناگە(ی. ژ. ک) بەپشتیوانی سکرتێری گشتی یەکێتی (جەلال تاڵەبانی) چەند کە سایەتیەکی شاری سلێمانی نەخۆشخانەی(سۆزی دەروونی)یان لەتاسلوجە کردەوە کە تاکە نەخۆشخانەی تایبەتە بۆ ئەو ژنانەی باری دەروونیان نا جێگیرە لە کوردستاندا(تالب، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

- سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی بۆ ئەو کچ و کورانەی هاوسەرگیری دەکەن، پێش قۆناغی هاوسەرگیری ڕاوێژ وەردەگرن لە ڕووی زانستی هاوسەرگیری و زانیاری تەندروستی و چۆنیەتی مامەڵە و هەڵسوکەوتکردنەوە..(فەتاح، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

- کردنەوەی کلینکی چارەسەری نەخۆشیەکانی پێشوەختەی(مەمک)، بۆ هاوکاریکردن و چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجەی مەمکی ژنان، هەروەها کردنەوەی خولی مامانی بۆ مامانی فەرمی و نافەرمی، پرۆژەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری ئەو خێزانانەی منداڵی کەم هۆشیان هەیە(شەهید تالب، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

پرۆژەی بەردەوامی تەندروستی لە ڕێگای کۆڕ و سیمینار لە خوێندنگا و

زانکۆ و پەیمانگاکانی سلێمانی و دەوروبەری ئەنجامدراوە، لەگەڵ تیمی گەڕۆک و خولی تەندروستی و ڕاهێنان لە سەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە(درمیەکان) بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر ریشەکێشکردنی کۆمەڵگە دەکەن، بوونی کۆمەڵە نەخۆشیەک لە ئارادایە کە گومان زۆرە ژنان توشی ببن (ژنێک، ٢٠٢٤، ل ٥)بەهۆی ناهۆشیاری خۆپاراستن وکەمی شارەزایی لە هەڵسوکەوتی ڕەچاوکراو، کە یارمەتیدەر وهاریکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکەیە، لەگەڵ کردنەوەی خولی فریاکەوتنی سەرەتای خولی دەرزی لێدان برینپێچی(نەقشبەندی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

**بەش و بواری یاسای:** (ی. ژ. ک) یەکەم کۆنفرانسی بۆ ڕێکخستنەوەی یاساکانی باری کەسێتی لە ساڵی ٢٠٠٧ بەبەشداری مافناسەکان و دادوەرەکان و شارەزایانی بواری یاسا( یەکەمین کۆنفرانسی چاکسازی یاساکانیان) بەست، توانرا گۆڕانکاری بێتە ئاراوە لە یاساکاندا کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕۆژگاری نوێدا، چەندین پرۆژەی یاساکان لە بواری یاسای باری کەسێتی و نەهێشتنی فرە ژنی خستە بەردەستی پەرلەمان و حکومەت(مستەفا، ٢٠٢٥، چاوپێکەو تن).

- بەشی یاسای تایبەت، بێ بەرامبەر هاوکاری ئەو ژنانە دەکەن کە پێویستیان بە ڕێنمای یاساییەو وەخاوەنی پرۆژەی هەمواری یاسای خێزانی هەرێمی کوردستان(تالب، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

**بەشی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی:** لە یەکەم هەنگاوی کاری ڕێکخراوەیدا دەرکردنی گۆڤاری تەوار لە ساڵی ١٩٨٩ تاوەکو ئێستا بەردەوامە، دەرکردنی ڕۆژنامەی ژیانەوەیەدا کە ڕۆژنامەیەکی ژنانەیە تا ئێستا دەردەچێت وبەردەوامە. کردنەوەی کتێبخانەی تەوار بۆ ژنان و کچان لە ساڵی ٢٠١٢ وەتا ئێستا بەردەوامە(ی. ژ. ک، ٢٠١٢، ل ١٧٦). چاپکردنی زنجیرە کتێبێک بە تایبەت ئەو کتێبانەی کە تایبەتن بە پرسی ژنان، نوسرابێت یان وەرگێردراو، بۆ خستنە بەردەستی کۆمەڵگا وخزمەتکردن بە ڕەوشی ژنان، هەروەها پێشکەشکردنی بەرنامەی کڵاورۆژنە دواتر بەرنامەی تەوار و دواتریش خەرمان کە بەرنامەی هەمەڕەنگ بوو بۆ کارو چالاکییەکانی یەکێتی ژنان، ساڵی ٢٠٠٥ کردنەوەی ڕادیۆی تایبەت بەژنان بەهاوکاری ڕێکخراوی(NPA)نەرویجی، کە یەکەم ڕادیۆی تایبەت بوو بەژنان لەشاری کەلار، بەمەبەستی خزمەتکردنی ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال وتەواوی ژنانی گەرمیان. کردنەوەی پێشەنگای شێوەکاری و کاری دەستی و ڕاهێنانی دوورمان کە سودمەندبوونی لە لایەنی ئابووری ژنان بوو(شەهید تالب، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

**بەشی هونەری:** یەکەمین فیستیڤاڵی تایبەت بە هونەری سینەما ڕێکخست، فیستڤاڵی کورتە فیلم کە تایبەت بوو بە ئەو فیلمانەی کە باس لە دۆخی ژنان دەکات و لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٤- ٢٠١٠ سێ خولی فیستڤاڵی تەواری بەڕێوەبرد. تیپی کۆڕاڵی کچانی لە ساڵی ٢٠٠٤

دامەزراند(نەقشبەندی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). .

**بەشی کۆمەڵایەتی:** (ی. ژ. ک) ئامانجی ئاشتەوای نێوان خێزانەکانە، پرۆژەی لانەی ئارام بۆ ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژ بوونەتەوە ژیانیان لە مەترسی و لە ژێر هەڕەشەدایە لەو ڕووەوە ژیانیان پارێزراوە، پرۆژەی جێژوانی خێزانی بۆ ئەو ژن و پیاوانەیە کە لەیەک جیابوونەتەوە، هەفتانە دەتوانن دیداری منداڵەکانیان بن بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دادگای سلێمانی(فەتاح، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

بەشێوەیەکی گشتی ڕێکخراوەکانی ژنان گرنگن، نەک لە بەر ئەوەی چارەسەری فلانە کێشەیان کردووە، بەڵکو لە بەر ئەوەی بەبێ دەنگ و کارکردنی ئەم ڕێکخراوانە هۆشیاریبوون بەخودی کێشەکانەوە نایێت کە پێویستی بە چارەسەرکردنە. هیچ کێشەیەکی سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی بچوک بێت یاخود گەورە، بە بێ بوونی ڕێکخراوەکانی ژنان مەحاڵە هەستکردن بە بوونی کێشەکە هێندە گەورە بێت کە ببێتە شتێکی هەنوکەیی، بۆ ئەوەی دواجار چارەسەر بکرێت.

## ئەنجام

١_ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان لە قۆناغی پێش ڕاپەرین زیاتر گرنگی دان بووە بە پرسی کوردایەتی و بەشداریکردنیان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، لەم میانەدا ئەرک و بەرپرسیاریەتی ژنان و ئافرەتان ئاوێتەی پرۆسە نەتەوەییەکە بووە، بەڵام لە قۆناغی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی حوکمرانی بەعس جیا لە لۆژیکی کوردایەتی، خەمی خەباتی ژنان لە زەمینەی زۆنێکی تردا خۆی بینیوەتەوە، کە بریتیبووە لە چەکسازی یاساو ڕەچەشکاندنی نەریتە دواکەوتووەکان و خەبات کردن بۆ بەدەستهێنانی مافە سەردەمییەکانیان.

٢- هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوەکان و بە شدارییان لە تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان کە چەندین کاری هاوبەشیان پێکەوە ئەنجامداوە کەخۆیی لە داکۆکیکردن و چەسپاندنی مافەکانی ژنان و دروستکردنی ڕای گشتی سەبارەت بە پرسی ژنان بینیوەتەوە.

٣- بوونی فرە ڕێکخراوەیی لە بەرامبەر فرە ئایدۆلۆژی بووندایە کە ڕاستەو خۆ سەر بە پارتەکانن کە لە گۆڕەپانی سیاسییدا کاردەکەن، هەر ڕێکخراوێک زادەی بیرکردنەوەی وابەستەیە بە بەرنامەو میتۆدی ئەو پارتەی کە ئینتما بۆ کردووە. چونکە ڕێکخراوەکانی ژنان لە زەروریەتی پرسە هەنووکەییەکانی ژنانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو دروستکراوی بوونیادی حزبەو لە زەروورەتی حزب بوون وایکردووە ڕێکخراوەکانی ژنان دروست بێت، تەنانەت هەندێ لەو ڕێکخراوانە ناوی پارتەکەشیان هەڵگرتووە.

٤- ڕێکخراوەکانی (ئافرەتان و ژنان) کاری جدییان نەکردووە بۆ هاندانی ژنان بۆ بەشداریکردن لە بواری سیاسیدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ، هەروەها نەیان توانیوە کێشەی ژنان بکەنە کێشەیەکی سەرەکی هەموو کۆمەڵگا بۆ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەدیهێنانی مافەکانی ژنان، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو پەیرە و پرۆگرامانەی کە ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ بەرنامەکاری خۆیان دایدەنێن بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ژنان زۆرینەی هەر بە تیۆری دەمێنێتەوە.

٥- جەماوەر بوونی ڕێکخراوەکانی ( ئافرەتان و ژنان) بە ندە بە ڕادەی جەماوەریی حزبەکانیانەوە، ( پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان )، لە بەر ئەوەی جەماوەرێکی بەرفراوانیان هەیە، ڕێکخراوەکانی ( ئافرەتان و ژنان) هەر بەو جۆرەیە.

٦- لەگەل هەموو ئەمانەشدا دەتوانرێت بووترێت، ڕێکخراوەکانی ژنان چالاکترین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین، چونکە توانیویانە تەعبیر لە ئازار و خەم و خەونی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە بکەن کە نوێنەرایەتیان دەکەن، بۆ داکۆکیکردن لە بەرامبەر پیاو سالاری و هێنانەدی یەکسانی وهەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنیان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیان و دژایەتیکردنی هەموو ئەو بیر و نەریتیە کولتوورییە کۆن و دواکەوتوانەی کە ڕۆڵی ژن دەخاتە پلە دووی پەراوێزەوە.

## پەراوێزەکان

١ - هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد , لە٢ی حوزەیرانی ١٩٤٨ لە سلێمانی لە دایک بووە، بڕوانامەی بەکالوریوسی لە بواری پەروەردە و دەروناسی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی(مستنصریە)لە بەغدا بە دەست هێناوە، ژیانی هاوسەرگیری لەساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ جالال تاڵەبانی سکرتێری( ی. ن. ک)پێکهێناوە و دووکوری بووە، جگە لە زمانی دایک زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی بە باشی زانیوە، لە شاخدا کاری وێنەگری کردووە، چەندین دیمەنی سوتاندن و بۆمبارانکردنی کوردستان بەچەکی کیمیاوی لە ساڵی ١٩٨٧ بە تایبەت لە دۆڵی جافایەتی تۆمارکردووە. لە تاراوگە لەساڵی ١٩٨٩ (ی. ژ. ک) دامەزراندوە. ئەندام پەرلەمانی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ بووە، لە کۆنگرەی سێیەمی حزبەکەی لە ٢٠١٠ بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە.(بڕوانە: سابیر، باڵێۆز د. محەمەد، ٢٠٢١، هێرۆخان لوتکەی خەبات وتێکۆشان، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ل ١٥- ٢٢؛ گودسۆزییان، تانیا،٢٠١٥، "ژنە پێشمەرگە "، کوردستان دیپلۆماتیک (١٢-١٣)، ل٢٢-٢٩).

٢- هێرۆ ئیبراهیم لە پاش ڕۆژانی دامەزراندنی ڕێکخراوی(ی. ژ. ک) ڕۆژی ١٩٨٩/١١/١١ بە ڕۆژێکی گرنگی لە یادەوەرییەکانی خۆیدا، تۆمارکردوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بانگەوازی دامرزراندنی ڕێکخراوەکە، هەروەها لە بارەی ناوی ڕێکخراو دانانی پێرەو پرۆگرامی ڕێکخراو (بڕوانە:ئەحمەد، ٢٠٢١، ل ٥٤).

٣- بۆ دەقی بانگەوازەکە ( بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی

کوردستان، بەرگی ٣، ل ٢٤١٣).

## لیستی سەرچاوەکان

**بیرەوەری(یاداشت)**

یەکەم: بەزمانی کوردی

١-حەفید زادە، درەخشان شێخ جەلال، ٢٠١٠، کورتەیەک لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لە بیرەوەرییەکانم، چاپ ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

**کتێب**

یەکەم: بەزمانی کوردی

٢- ئەحمەد، هێرۆ ئیبراهیم، ٢٠٢٤، بەکورتی، چ ١، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

٣- ئومەربلی، پەرژین جەعفەرروستەم، ٢٠٢٣، ڕۆڵی ئافرەت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستاندا ١٩٥٨-١٩٩١، چاپ ١، چاپخانەی دانیشفەڕ، هەولێر.

٤- قادر، سەرۆ، ٢٠٢١، ئافرەت کێشەیەک بە درێژایی مێژوو، چ ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٥- قەرەداغی، مەهاباد، ٢٠١٨، ئافرەتیزم مێژوو تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان(١٩١٨- ٢٠١٨)، چاپ ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٦- خەلیل، پ. ی. د. ماجد، محەمەد، پ. ی. د. فەهمی، ٢٠٢٥، ئافرەت لە ئەزموون و ئەدەبیاتی پارتی دیموکراتی کوردستاند(١٩٤٦-٢٠١٣)، هەولێر، چاپخانەی دانیشفەر.

٧- سابیر، محەمەد، ٢٠٢١، هێرۆخان لوتکەی خەبات و تێکۆشان، چ ١، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

٨- ساڵح، کازیوە، ٢٠٠٢، ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێهەمدا، چ ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٩- سلێمان، د. ڤیان، ٢٠١٩، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بناسە، هەولێر، چاپخانەی وڵات.

١٠- سلێمان، د، ڤیان، ٢٠٢٣، *یەکێتی ئافرەتانی کوردستان(پاشخان، مێژووی دامەزراندن، بیبلۆگرافیای کۆنگرەکانی)*، چ ١، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

١١- مەحمود، جەمیلە شێخ و ئەوانی تر، ٢٠١٢، ڕۆڵی ژنان لە پەرەپێدانی کاری ڕێکخراوەییدا(ی. ن. ک)وەک نمونە، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

بە زمانی عەرەبی

١٢- الرباتي، ابراهيم طاهر معروف، ٢٠٠٤، المرأة الكردية و دورها في المجتمع الكردي، ط ١، مطبعة اربيل، اربيل.

چاپكراوە حزبییەكان
بە زمانی كوردی
١٣- پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان،٢٠١٠، كۆنگرەی حەوتەم، پریار لێدراو، هەولێر.

**گۆڤار**
بەزمانی كوردی
١٤- ئامێدی، شیرین، ٢٠٠١،رۆڵی ئافرەتی كورد لە كۆمەڵگا″ ، دەنگی ئافرەت(٢٤).
١٥- بەهار، ٢٠٠١، لە ئەرشیفی یەكێتی ژنانەوە، تەوار( ١).
١٦- خدر، شەونم یەحیا، ٢٠٠٨، ستراتیژیەتی مەسەلەی ئافرەت لە چوارچێوەی ڕێكخراوەییدا″، K ٢١ (٢-٣).
١٧- محەمەد، گۆران سەلام، ٢٠٢٥، ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦-١٩٩١، چ ١، سلێمانی، چاپخانەی تاران.
١٨- ن.س، ١٩٩٧، هەندێك لە دامەزرێنەرانی یەكێتیبژنانی كوردستان بە بۆنەی یادی(٨) ساڵە دامەزراندنی( ی. ژن. ك)، دەنگی ژنان( ٢٤).
١٩- هەردی، چۆمان، ٢٠١٢، پرۆفایلی ڕێكخراوەكانی ژنان لە كوردستاندا یەكێتی ژنان وەک نمونەیەک، سەردەمی ژن(١).
٢٠- یەكێتی ژنانی كوردستان، چاوپێكەوتن لە گەڵ سەیوان رۆستەم، ٢٠١٢، سەردەمی ژن(١).
٢١- یوسف، هابیل، ١٩٩٧، مێینەی كوردی لە بەرنامەی حزبی كوردیدا تێۆر و پراكتیک، دەنگێک (٤).
ڕۆژنامە
بەزمانی كوردی
٢٢- تالب، سازیان شەهید، ٢٠٢٥، یەكێتی ژنانی كوردستان پێویستی دایمەزراند و پێویستی هێشتیەوە، ژنانەوە (تایبەت بە كۆنگرە).
٢٣-حەمە، دڵسۆز، ١٩٩٤، ، كوردستانی نوێ، (١٧٣٢).
٢٤- عیزەدین، پەیمان، ٢٠٠٣، لە یادی دامەزراندنی یەكێتی ژنانی كوردستاندا، ژیانەوە(١٠٦).

**چاوپێكەوتن**
٢٥ - چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەشواق نجم الدین عباس محمد جاف)ناسراوە بە(ئەشواق جاف)، سلێمانی، یەكشەممە، ٢٠٢٥/٦/٢٩. ( لەدایک بووی ١٩٧٢ لە شارۆچكەی كفری سەر بەپارێزگای دیالە، لە ٢٠٠٥ دكتۆرا لەكۆلێژی پزیشكی بەشی دەرمانسازی كلینكی بەدەست هێناوە، ئەندام پەرلەمانی خولی دووەم و سێیەم ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق

وئەندامی سەرکردایەتی(پ. د. ک)، نیشتەجێی سلێمانی).
٢٦- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (تابان عەبدوڵلا تەیب، ناسراو بە تابان گەرمیانی)، سلێمانی، پێنجشەممە، ٢٠٢٥/٧/٣١. (لە دایک بووی ١٩٧٢ی خانەقین، لە ساڵی ٢٠١٤ شانبەشانی کاری حزبی و ڕێکخراوەیی وەک ژنێکی چالاکەوان لە بواری ژناندا ڕۆڵی گێراوە ، لە ئێستادا نیشتەجێی سلێمانی).
٢٧- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (دیمەن محەمەد نوری)، کەرکوک، یەکشەممە، ٢٠٢٥/٦/٢٢، (لەدایک بووی ١٩٧٣ی قەزای چەمچەماڵ، قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواو کردوە، لە ئێستادا بەرپرسی لقی کەرکوکی(ی. ژ. ک)، نیشتەجێی سلێمانی.
٢٨-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ( سازیان تالب سالح، ناسراو بە بە سازیانی شەهید تالب)، سلێمانی، دووشەممە، ٢٠٢٥/١٠/٦،
( لە دایک بووی ١٩٨٠ی سلێمانی، لە ساڵی ٢٠٢٤ماستەر لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن تەواوکردووە، ئەندامی سکرتاریەتی (ی. ژ. ک)، بەرپرسی ڕاگەیاندنەو نیشتەجێی سلێمانی).
- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سروە ئەحمەد فەتاح)، سلێمانی، دووشەممە، ٢٠٢٥/١٠/٦ (لەدایک بووی١٩٧٠ی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٢ بەکالۆریۆس لە کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین، تەواو کردووە، لە ئێستادا بەرپرسی لانەی ئارام، لە تەلاری تەوار، نیشتەجێی سلێمانی).
٣٠- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆرە شەونم یەحیا خدر، هەولێر، سێشەممە، ٢٠٢٥/٨/٦، ( لەدایک بووی ١٩٧٧ی دوبز-کەرکوک، ٢٠١٦ بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس تەواوکردووەساڵی ٢٠٠٨ دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئایندەی کارگودی شاری کەرکوک و ئەندامی کارایی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی فیدراسۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهان بووە، نیشتەجێی هەولێر).
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شارا عەبدولکەریم ساڵح)، هەڵەبجە، یەکشەممە ٢٠٢٥/٧/٢٧، (لە دایک بووەی ساڵی ١٩٧٧ی هەڵەبجە، بڕوانامەی دبلوم ساڵی ٢٠١١ لە بەشی کارگێری کاری پەیمانگای هەڵەبجە بەدەستهێناوە، ئێستادا لێپرساوی ناوەندی شارەزووری(ی. ژ. ک)، لێپرساوی بەشی ژنانی مەڵبەندی ٩ شارەزوورە، لە ئێستادا نیشتەجێی هەڵەبجەیە).
٣١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شیلان سەعید حەمە زیاد)، ڕانیە، سێشەممە، ٢٠٢٥/٧/٢٢. (لە دایک بووی ساڵی ١٩٧٥ی رواندز، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریوس لە بەشی مێژووی زانکۆی ڕاپەرین ساڵی ٢٠٢٢ ، لە ئێستادا کارگێری مەڵبەندی (٢٤)ی ڕێکخستنی ڕاپەرین (ی. ن. ک)، نشتەجێی ڕانیە).
٣٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێنێ محەمەد تالب، سلێمانی،

دووشەممە، ٢٠٢٥/١٠/٦، (لەدایک بووی ١٩٨٩ی سلێمانی، لە ساڵی ٢٠١١ دبلۆم لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠١٢ لە(ی. ژ. ک) وەک کادیرێکی ڕێکخراو نوێنەرایەتی بۆ کۆنگرەی نەتەوەی کورد و چەندین کۆنگرەی تر لە دەرەوەی وولات کردوە، لە ئێستادا بەرپرسی کتێبخانەی تەوارەو نیشتەجێی سلێمانی).

٣٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەوسەر حەسەن نادر، سلێمانی، ٢٠٢٥/٧/٢٤، پێنجشەممە،(لەدایک بووی ١٩٦٠ی کەرکوک، ساڵی ٢٠٠٥بکالوریوس لە یاسا لە زانکۆی سانت کلیمنت تەواوکردوە، لە ئێستادا ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی(ی. ن. ک)و لێپرسراوی بەشی ژنانە، نیشتەجێی سلێمانی).

٣٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کنێر عەبدوڵڵا حەمە عەزیز بەرزنجی)، سلێمانی، سێشەممە، ٢٠٢٥/٧/٨. (لە دایک بووی ١٩٧٠، هەڵگری پروانامەی بەکالۆریوس ساڵی ١٩٩١ لە زمانی عەرەبی ، کۆلێجی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، ئەندامی سکرتاریەت (ی. ژ. ک)بووە، لەساڵی ٢٠١٠ بۆ ماوەی دە ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری تەوار بووە، خاوەنی ٢٠ کتێبی چاپکراو لە بواری ژنان و ١٢ توێژینەوە لە هەمان بواردا ئەنجامداوە، لە چەندین کۆنفراسی نێو دەوڵەتی بەشدار بووە. نیشتەجێی سلێمانی).

٣٥- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کوێستان ئەکرەم فەرەج،) هەڵەبجە، چوارشەممە، ٢٠٢٥/٧/٢٣، (لە دایک بووەی ساڵی ١٩٦٦ی هەڵەبجە، پروانامەی بکالوریوس لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی هەڵەبجە ٢٠٢١بەدەستهێناوە، یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی(ی. ژ. ک)لقی هەڵەبجەی شەهید، ئەندامی مەڵبەندی(٩)ی شارەزوورە و فەرمانبەری حکومییە لە سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجەی شەهید بەشی کتێبخانە، لەئێستادا نیشتەجێی گوندی عەبابەیلێ یە).

٣٦- چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ( کوێستان لطیف والی) ، سلێمانی، یەکشەممە، ٢٠٢٥/٥/٢٥. (لە دایک بووی ١٩٨١، مامۆستای زانکۆ و کارگێری مەکتەبی ڕێکخستنی (پ. د. ک)- لقی چوار، نیشتەجێی سلێمانی).

٣٧- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (گوڵزار نائب عومەر نەقشبەندی)، سلێمانی، دووشەممە، ٢٠٢٥/١٠/١٣، ، (لەدایک بووی ١٩٦٠ی خانەقین، پەیمانگای ئیداری بەشی ڕشتەی طبیعی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەواو کردووە، کارمەندی خوێندنی باڵا زانکۆی سلێمانی بووە، لە ئێستادا خانەنشینە و ڕاوێژکاری ڕێکخراو(ی. ژ. ک)و نیشتەجێی سلێمانی).

٣٨- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (د. لانە محمد علی)، یەکشەممە، سلێمانی، ٢٠٢٥ /٥/٤. (لە دایک بووی ١٩٧٣، دکتۆرا لە پزیشکی کلینکی، کارگێری لقی چواری(پ. د. ک)، وئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق( خولی دووەم)، نیشتەجێ سلێمانی).

٣٩- چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ(مونیرە ئەبوبەکر محەمەد مستەفا ناسراو

بە مونیرەی بەکر مەلا سیتەکی، سلێمانی، دووشەممە ٢٠٢٥/١٠/١٣، (لە دایک بووی ١٩٧٥ی سلێمانی، دکتۆرا لە زانکۆی بیروتی عەرەبی٢٠١٦ تەواوکردووە، یەکەمین ژنە قائیمقام بووە لە هەرێمی کوردستان، لە یەکەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی(ی. ژ. ک) بەئەندامی سکرتاریەت هەڵبژێردراوە و بەردەوامە لە کاری ڕێکخراوەیی، لە ئێستادا نیشتەجێی سلێمانی).

٤٠- چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ (ناسکە سعید خدر)، هەینی، ٢٠٢٥/٥/٢، سلێمانی (لە دایک بووی ١٩٧٩ سلێمانی، قوتانی دکتۆرا لە زانکۆی میدڵ سێکس بەشی میدیا لە شاری لە ندەن، لە ساڵی ٢٠١٧ بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (ی.ئا.ک)، ٢٠١٨ ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی (ی.ئا.ک)، ٢٠٢٤ ئەندام بەشی (م. س)ی (پ. د. ک).

٤١- چاوپێکەوتن توێژەر لەگەڵ (نەرمین عوسمان حەسەن)، سلێمانی، چوارشەممە، ٢٠٢٥/٧/٢. (لە دایک بووی ١٩٥١ی شاروچکەی کۆیە، لە ساڵی ١٩٧١پروانامەی بەکالۆریوس لە بەشی ماتماتیک لە زانکۆی بەغداد بەدەستهێناوە، چەندین پۆستی وەزاری لەحکومەتی هەرێم وحکومەتی ناوەندی وەرگرتووە، لە ئێستادا خانەنشینەوەو بەرپرسی ئۆفیستی ئینستتونی نارین، نیشتەجێی سلێمانی).

٤٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (د. نەزاکەت حسین حمە سعید)، ، سلێمانی، دووشەممە، ٢٠٢٥/٤/٢٨. (لە دایک بووی ١٩٧٢ی شاری هەڵەبجە، دکتۆرا لە بواری میدیا لە زانکۆی(Bradford) پلەی پرۆفیسۆری، لە ئێستادا ئەندامی مەکتەبی ناوەندی(پ. د. ک)و نیشتەجێی سلێمانی).

٤٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نهلە محمد سعید)، سلێمانی، دووشەممە، ٢٠٢٥/٧/٢٨. (لە دایک بووی ١٩٧٣ ی کەرکوک، هەڵگری پڕوانامەی دکتۆرا لە ڤیتیرنەری مایکروبایولجی زانکۆی سلێمانی٢٠١٠، نیشتەجێی سلیمانی).

٤٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هانا شوان حسن)، سلێمانی، چوارشەممە، ٢٠٢٥/٧/٩. (لە دایک بووی ١٩٧٨ی سلێمانی، هەڵگری پڕوانامەی دبلۆم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، لە ئێستادا بەرپرسی سەنتەری ڕووناکبیریی و ڕاگەیاندنی ژنان، نیشتەجێی سلێمانی).

List of sources
memories (notes(
First: In Kurdish
-١Hafidzadeh, Drakhshan Sheikh Jalal, 2010, A brief summary of the Kurdistan Women's Liberation Movement and some of my memories, edition 1, Shvan Printing House, Sulaimani.
Book
First: In Kurdish

-٢Ahmad, Hiro Ibrahim, 2024, Bakurti, Vol. 1, Sulaimani, Karo Printing House.
-٣Omerbali, Parzhin Jaafarrustam, 2023, The Role of Women in the Liberation Movement in South Kurdistan 1958-1991, 1st edition, Danishfar Printing House, Erbil.
-٤Qadir, Sarw, 2021, Women are a problem throughout history, Vol. 2, Aras Printing House, Erbil.
-٥Karadaghi, Mahabad, 2018, Women's History and Struggle for Equal Rights in South Kurdistan (1918-2018), 1st edition, Shahab Printing House, Erbil.
-٦Khalil, P .ی. د .Majid, Mohammed, P .ی. د .Fahmi, 2025, Women in the Experience and Literature of the Kurdistan Democratic Party (1946-2013), Erbil, Danishfar Printing House.
-٧Sabir, Mohammed, 2021, Hirokhan Lutkay Khabat u Tekoshan, Vol. 1, Sulaimani, Karo Printing House.
-٨Salih, Kaziwa, 2002, Kurdish Women at the Gateway to the Third Millennium, Vol. 1, Sulaimani, Sardam Publishing House.
-٩Sulaiman, Dr. Vian, 2019, Know Kurdistan Women's Union, Erbil, Welat Printing House.
-١٠Sulaiman, Dr. Vian, 2023, Kurdistan Women's Union (Background, History of Establishment, Bibliography of Congresses), Vol. 1, Erbil, Shahab Printing House.
-١١Mahmoud, Jamila Sheikh et al., 2012, The Role of Women in the Development of Organizational Work (YNK) as an Example, Sulaimani, Hamdi Publishing House.

in Arabic
-١٢Al-Rabati, Ibrahim Tahir Marouf, 2004, Kurdish Women and Their Role in Kurdish Society, Vol. 1, Erbil Printing House, Erbil.

Partisan prints
in Kurdish
-١٣Rules of Procedure of Kurdistan Women's Union, 2010, Seventh Congress, Decided, Erbil .
magazine
in Kurdish
-١٤Amedi, Shirin, 2001, Role of Kurdish Women in Society, Voice of Women (24.(
-١٥Bahar, 2001, from the archive of the Women's Union, Tawar (1.(

.١٦Khadr, Shawnam Yahya, 2008, Women's Issue Strategy in the Organizational Context", 21 K (2-3.(
-١٧Mohammad, Goran Salam, 2025, Dimensions of Health in the New Revolution 1976-1991, Vol. 1, Sulaimani, Tehran Printing House.
-١٨NS, 1997, Some of the founders of the Kurdistan Women's Union on the occasion of the 8th anniversary of the establishment of the Kurdistan Women's Union, Women's Voice (24.(
-١٩Hardi, Choman, 2012, Profile of Women's Organizations in Kurdistan, Women's Union as an Example, Women's Era (1.(
-٢٠Kurdistan Women's Union, Interview with Saywan Rostam, 2012, Women's Era (1.(
.٢١Yousef, Abel, 1997, Kurdish Female in the Kurdish Party Program, Theory and Practice, A Voice (4.(

newspaper
in Kurdish

-٢٢Taleb, Sazian Shahid, 2025, Kurdistan Women's Union Need Established and Need Kept, Women (for Congress.(
-٢٣Hama, Dilsoz, 1994, Kurdistan New, (1732.(
-٢٤Ezadin, Payman, 2003, On the anniversary of the establishment of the Kurdistan Women's Union, Life (106.(

Interview

-٢٥Researcher interview with (Ashwaq Najmuddin Abbas Mohammed Jaff) known as (Ashwaq Jaff), Sulaimani, Sunday, 29/6/2 (Born in 1972 in Kufri town of Diyala province, in 2005 obtained his doctorate in medical college, department of clinical pharmacy, member of the second and third terms of the Iraqi National Assembly and member of the leadership (PDK), resident of Sulaimani.(
-٢٦Researcher interview with (Taban Abdullah Tayeb, known as Taban Garmiani), Sulaimani, Thursday, 31/7/2 (Born in 1972 in Khanaqin, in 2014 alongside party and organizational work as a woman activist in the field of women, currently resides in Sulaimani.(
-٢٧Researcher interview with (Diman Mohammed Nuri), Kirkuk, Sunday, 22/6/2025, (born in 1973 in Chamchamal district, completed primary education, currently head of Kirkuk branch (YZK), resident of Sulaimani.
-٢٨Researcher interview with (Sazian Taleb Salih, known as Sazian Shahid Taleb), Sulaimani, Monday, 6/10/2025,
)Born in 1980 in Sulaimani, graduated from Sulaimani Polytechnic University in 2024, Department of Media, Member of the Secretariat (YZK), Head of Media and resident of Sulaimani.(

-Researcher interview with (Sarwa Ahmad Fatah), Sulaimani, Monday, 6/10/2025 (born in 1970 in Sulaimani, graduated from the College of Arts, Department of Sociology, Salahaddin University in 1992, currently head of Aram Nest, Tawar Hall, resident of Sulaimani.(

-٣٠Researcher interview with Dr. Shawnam Yahya Khder, Erbil, Tuesday, 6/8/2025, (Born in 1977 in Dubz-Kirkuk, 2016 PhD in Philosophy of Sociology from Sorbonne University in Paris He was a member of the World Federation of Journalists and lived in Erbil.

Researcher interview with (Shara Abdulkarim Salih), Halabja, Sunday 27/7/2025, (Born in 1977 in Halabja, graduated in 2011 in the Department of Business Administration of Halabja Institute, currently in charge of Sharazoor Center (YZK), Head of Women's Department Sharazoora, currently residing in Halabja.(

-٣١Researcher interview with (Shilan Saeed Hama Ziad), Ranya, Tuesday, 22/7/2 (Born in 1975 in Rwandz, holds a bachelor's degree in the Department of History of Raperin University in 2022, currently the administrator of the 24th headquarters of Raperin Organization (YNK), resident of Ranya.(

-٣٢Researcher interview with (Shene Mohammed Talb, Sulaimani, Monday, 6/10/2025, (born in 1989 in Sulaimani, graduated from Sulaimani Technical Institute in 2011, Department of Media Currently in charge of Tawara Library and resident of Sulaimani.(

-٣٣Researcher interview with (Kawsar Hassan Nader, Sulaimani, 24/7/2025, Thursday, (born in 1960 in Kirkuk, graduated from St. Clement's University in 2005, currently a member of the Social Bureau (YNK) and head of women's department, resident of Sulaimani.(

-٣٤Researcher interview with (Kner Abdullah Hama Aziz Barzanji), Sulaimani, Tuesday, 8/7/2 (Born in 1970, holds a bachelor's degree in Arabic in 1991, College of Arts, Salahaddin University, member of the Secretariat (YZK), in 2010 for ten years editor-in-chief of Tawar magazine.

-٣٥Researcher interview with (Kowestan Akram Faraj,) Halabja, Wednesday, 23/7/2025, (Born in 1966 in Halabja, obtained a bachelor's degree from the College of Primary Education, Department of Social Sciences, Halabja University in Halabja Shahid is a member of the 9th headquarters of Sharazoora and a civil servant in the library department of Halabja Shahid University.